# بژی خۆپیشاندانی حەق خوازانەی

# جەماوەری شۆڕجە

ڕۆژی 2005/12/29 دەستەی داکۆکی لە داخوازیەکانی جەماوەری اری کەرکوك بە هاوکاری کۆمیتەی کەرکوکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق خۆپیشاندانێکیان دژ بە بەرز بوونەوەی نرخی بەنزین وسووتەمەنیەکانی بەڕێ خست .لەم خۆپیشاندانە جگە لەوەی کە جەماوەرێکی بەرفراوان بەشداری کرد " شەقامی گشتی شۆڕجە یان گرت و هوتاف وشیعاراتی خۆپیشاندەران دژ بە حکوومەتی جەعفەری وبڕیارە دژە بەشەرییەکەی فەزای ناوچەکەی داگرتبو ، ئەمجارەش دیسانەوە پۆلیسەکانی حوکمی سەرمایە بە تەقە وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە ، لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەدا چەند کەسیان دەستگیر کرد .

ئێمە وەکو کۆمیتەی کەرکوکی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق سەرەڕای پشتیوانی تەواوی خۆمان لەم خۆپیشاندانەو و لە هەموو خواستە بەرهەق و ڕەواکانی جەماوەری ستەم دیدەی عێراق دەرئەبڕین ، لە هەمان کاتدا بە توندی ئیدانەی هەر جۆرە کردارێکی توندو تیژی لە لایەن پۆلیسەوە لەبەرامبەر خۆپیشاندەراندا ئەکەین وداوا ئەکەین دەست بەجێ دەبێ گیراوەکان ئازاد بکرین .

دەسەڵاتداران دەبێ ئەوە بزانن کە کاتێك جەماوەر بگاتە تینی ئیتر نە وەعدەوە بەڵێنی درۆیان ئەیخواو نە هەڕەشەو تۆقاندن و کوشت وبریان .

دەستان خوش ئەی جەماوەر ی شۆڕشگێڕی گەڕەکی شورجە ، ئێوە بەم هاتنە مەیدانەتان سەلماندتان کە درێژە پێدەرو تەواوکەری ڕیگەیەکن کە ڕەواو هەقەو هەمیشە پێشەنگی خەباتن تا کۆتایێ هێنان بە هەمو نەهامەتیەکانی ژیان .لەهەموو ماڵ وگەڕەك وجادەو بازاڕەکانی ئەم شارە باس باسی ئازایەتیو چاونەترسی ئێوەیە .

بۆپێشەوە تا بەدەست هێنانی سەرجەم خواستەکانمان

**سەرکەوتووبێ خەباتی حەق خوازانەی جەماوەر ......**

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق

کۆمیتەی کەرکوك

2005/12/29